RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website
Vol. 13, No. 3 (2026)

Received: 23th May 2025 Accepted: 23th July 2026 Published online: 20th September 2026

Change in semantic implications in the process of idiom formation

Muhamad Qadr Muhamad Amin [1]

Mohamad.qadr980@gmail.com

[1]Computer Institute of Ranya, General Directorate of Institutes, Ministry of Education, Erbil, Kurdistan region, Iraq

Abstract

Changing is considered as a language need; in this area the idioms are also categorize in semantic change. Changing among idioms goes in four different directions, they are direction of semantic change from narrow to broad and in contrary from broad to narrow. Moreover semantic change from low to high or from high to low. This subject depends on the use of idiomatic expressions in speaking situations because each of those expressions have to different meanings, a meaning before the concept of change which shows itself in special cultural meaning, and another one after semantic change which goes in one of the directions and become stable.

The whole idioms that's used as materials in this research are 37 idioms, that are used and taken from speakers daily language and from the sources that used in this research. According to the research data semantic change of the idioms to the direction of meaning extension receives the highest percentage which reaches 46% , and this is related to ability of an idiom from a special meanings to a general meaning in some closed situations can be repeated for several times, on the contrary narrowing meaning reached to lowest level which is 8% , and its related to the fact that the narrowing meaning phenomenon not happened until the meaning extension has happened, similarly the percentage of meaning elevation reaches to 19%, but in contrary meaning pejoration rate 27%, which compare to meaning elevation is a higher rate.

Keywords: Semantic change, idiom, extension, narrowing, elevation, pejoration

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

گۆڕانی لێکەوتەی واتایی لە پڕۆسەی دروستبونی ئیدیۆمدا

محمد قادر محمدامین[1]
[1]پەیمانگەی کۆمپیوتەری ڕانیە، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەیمانگەکان، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە

گۆڕانی واتایی وەک دیاردەیەکی ئاسایی زمان سەیردەکرێت، لەو نێوەندەدا ئیدیۆمەکانیش دەکەونە سنوری گۆڕانی واتایی؛ گۆڕانی واتایی لەنێو ئیدیۆمەکانیشدا بە چوار ئاڕاستەی جیاوازدا دەڕوات؛ ئەوانیش ئاڕاستەی گۆڕانی واتا لە تەسکەوە بۆ فراوان، بەپێچەوانەوە لە فراوانەوە بۆ تەسک، هەروەها گۆڕانی واتا لە نزمەوە بۆ بەرز، یان گۆڕان لە بەرزەوە بۆ نزم. ئەم بابەتە دەوەستێتە سەر بەکارهێنانی دەربڕاوە ئیدیۆمییەکان لە بارودۆخی ئاخاوتندا، چونکە هەریەکە لەو دەربڕاوانە هەڵگری دو واتای جیاوازن، واتایەک بەر لە پڕۆسەی گۆڕان و بەئیدیۆمبون، کە خۆی لە واتای فەرهەنگی و تایبەتدا دەبینێتەوە، واتایەکیش لەدوای پڕۆسەی دروستبونی ئیدیۆمەکان ڕوودەدات، کە بە یەکێک لە ئاڕاستەکاندا دەڕوات و لێکەوتەی واتایی جیاوازی لێدەکەوێتەوە.

کۆی گشتی ئەو ئیدیۆمانەی وەک کەرەستەی ئەم توێژینەوەیە بەکارهێنراون (٣٧) ئیدیۆمن، کە لە زمانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زاری ناوەڕاست وەرگیراون. بەپێی داتای توێژینەوەکە گۆڕانی واتای ئیدیۆمەکان بە ئاڕاستەی فراوانبونی واتادا، بەرزترین ڕێژەی وەرگرتوە، کە دەگاتە (٤٦٪)، ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە دەکرێت ئیدیۆمێک لە واتای تایبەتەوە، بۆ چەند واتایەکی دیکە لە چەند بارودۆخێکی نزیک لە یەکدی چەندبارە بکرێتەوە، بەپێچەوانەوە تەسکبونەوەی واتا نزمترین ئاستی وەرگرتوە، کە ڕێژەکەی بریتییە لە (٨٪)، ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، هەتا فراوانبونی واتا ڕونەدات دیاردەی تەسکبونەوە ڕونادات. هەروەها ڕێژەی بەرزبونەوەی واتا گەیشتوەتە (١٩٪)، بەڵام بەپێچەوانەوە نزمبونەوەی واتا ڕێژەکەی (٢٧٪)، کە بەراورد بە بەرزبونەوە ڕێژەکەی بەرزترە.

وشە سەرەکییەکان: گۆڕانی واتا، ئیدیۆم، فراوانبون، تەسکبونەوە، بەرزبونەوە، نزمبونەوە

پێشەکی:

٠- ١: **ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (گۆڕانی لێکەوتەی واتایی لە پڕۆسەی دروستبونی ئیدیۆمدا)یە.

٠- ٢: **کەرەستەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زمانی کوردیی زاری کرمانجیی ناوەڕاستدایە، نمونە و داتای توێژینەوەکەش لە زمانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی هەمان زار وەرگیراون؛ لەگەڵئەوەشدا لە بەشی یەکەمدا، بە مەبەستی ڕونکردنەوە، بەراوردکاری و پاسادان، بۆ نمونەی وشەیی، جگەلە وشەی کوردی پەنابراوەتەبەر زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی، بەڵام لە بەشی دوەمدا، تەنیا ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی وەک نمونە هێنراونەتەوە.

٠- ٣: **ڕێبازی توێژینەوەکە:** ڕێبازی سەرەکیی توێژینەوەکە، بریتییە لە ڕێبازی وەسفیی شیکاری.

٠- ٤: **گریمانەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لەسەر گریمانەی ئەوە بنیاتنراوە، کە ئایا لەدوای پڕۆسەی بەئیدیۆمبون گۆڕانی واتا لەنێو ئیدیۆمەکانیشدا ڕوودەدات؟ گۆڕانی واتای ئیدیۆمەکان بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات؟ ئایا ڕێژەی گۆڕانی واتا، بەپێی داتای توێژینەوەکە بەکام ئاڕاستەی گۆڕاندا زیاترە؟ کامیان کەمترە؟

٠- ٥: **ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە پشکنین و پێشاندانی ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتا و چەشنەکانی گۆڕان لەنێو ئیدیۆمەکاندا، هەروەها خستەنەڕوی ئامار و ڕێژەی گۆڕانی واتای ئیدیۆمەکان و شیکردنەوەیانە لە زمانی کوردیدا.

٠- ٦ : **ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** جگە لە پوختە، پێشەکی، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، توێژینەوەکە لە دو بەش پێکهاتوە؛ بەشی یەکەم بە ناونیشانی (بنەما تیۆرییەکانی گۆڕانی واتایی و ئاڕاستەکانی لە ئیدیۆمدا)یەو چەند تەوەرەیەک لەخۆدەگرێت، لەوانە: چەمک و پێناسەی گۆڕانی واتا، هۆکارەکانی گۆڕانی واتا، ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتا، ئیدیۆم و واتاسازی، ئیدیۆم و پڕۆسەی بەلێکسیمبون، چەشنەکانی ئیدیۆم لەڕوی واتاوە.) بەشی دوەم بە ناونیشانی (پراکتیکی ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتا، ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتای ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، ئاڕاستەی گۆڕانی واتا لە تەسکەوە بۆ فراوان، ئاڕاستەی گۆڕانی واتا لە فراوانەوە بۆ تەسک، ئاڕاستەی گۆڕانی واتا لە نزمەوە بۆ بەرز، ئاڕاستەی گۆڕانی واتا لە بەرزەوە بۆ نزم، ئامار و ڕێژەی ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتای ئیدیۆمەکان لە زمانی کوردیدا، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی داتاکان.)

بەشی یەکەم: بنەما تیۆرییەکانی گۆڕانی واتایی و ئاڕاستەکانی لە ئیدیۆمدا

١- ١: چەمک و پێناسەی گۆڕانی واتا (semantic change)

بەوپێیەی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە وەک هەریەکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵگە ئەویش دەگۆڕێت، چونکە ((هەمو زمانەکانی جیهان هەمیشە لە گۆڕاندان و لە توانای کەسدا نییە ئەم گۆڕانە ڕاگرێ، یان کەمی بکاتەوە، چونکە گۆڕان

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

لەگەڵ هەڵکەوتی زمان خۆیدایە.)) (فتاح، ٢٠١١، ١١٨). ئەمەش وەنەبێت تەنیا یەک لایەن، یان ئاست و یەکەی زمانی بگرێتەوە، بەڵکو تەواوی یەکە و ئاستەکانی زمان لەو گۆڕانە بەدەرنین .

گۆڕانی واتای وشە و سەروی وشەش دەچنە چوارچێوەی ئەم گۆڕانەوە، بۆیە "ئۆڵمان" پێیوایە واتای وشە، بریتییە لەو پەیوەندییەی کە لەنێوان ناو و ناولێنراو (دال- مدلول)دا هەیە، هەر گۆڕانکارییەک لەو پەیوەندییەدا ڕوبدات، ئەوا دەچێتە چوارچێوەی گۆڕانی واتایی (اولمان، ١٩٩٧، ١٥٢). گۆڕانی واتاش شتێک نییە لەپڕو لەخۆڕا سەرهەڵبدات، بەڵکو بەپێی کات واتایەکی دیکە وەردەگرێت و بیرێکی دیکە ڕوندەکاتەوە (عمر، ١٩٨٢، ٢٣٦). تەنانەت زۆرجار ئاخێوەرانی زمانەکەش هەست بەم گۆڕانە ناکەن، چونکە قۆناغ بە قۆناغ و لەسەرخۆ ڕوەدەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی واتایەکی نوێ بەبەر وشەیەکی کۆندا بکرێت، یان بەپێچەوانەوە واتایەکی کۆن بەبەر وشەیەکی نوێدا بکرێت؛ بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە ئاڕاستەکانی گۆڕان هەمیشە هاوسەنگ نین، بەڵکو دەکرێت واتاکان بە ئاڕاستەی فراوانبون، یان تەسکبونەوەدا، بڕۆن، یان زۆرجار واتای وشەکان بەرزدەبنەوە، یان بەپێچەوانەوە نزمدەبنەوە، بۆیە "المسدی" پێیوایە هەمو زمانەکان تا ئەوکاتەی لە بەکارهێناندابن، پەرەدەستێنن و دەگۆڕێن (عبدالجلیل، ٢٠٠١، ٦٩)، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ((ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بەبێ بەرنامە ڕونادات، بەڵکو بەپێی یاسا و ڕێسایە، کە خۆی زیاتر لە پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤدا دەبینێتەوە و ڕوەدەدات.)) (ئەحمەد، ٢٠١٨، ١٠٩).

کەواتە گۆڕانی واتا، بریتییە لە گۆڕانی بەکارهێنانی یەکە زمانییەکان، بە مەبەستی گەیاندنی واتا و بیری نوێ، ئینجا گۆڕانەکە سروشتی بێت، واتە یەکە زمانییەکان بەدەر لە ویستی دەسەڵاتی مرۆڤ ڕوبدات، یان بە خواست و ویستی ئاخێوەرانی زمانەکە بێت، کە لە ئەنجامی پێویستی و بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ ئەمە ڕوبدات. لەگەڵ ئەوەشدا ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتای وشە/لێکسیمەکانی زمان، پەیوەستن بە کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە، کە بەگشتی لە سنوری هۆکارە زمانی و نازمانییەکاندا خۆیان دەبینەوە.

١- ٢: هۆکارەکانی گۆڕانی واتا

گۆڕان لە زماندا بەبەردەوامی ڕوەدەدات، بەڵام ((هیچ گومانێک لەوەدا نییە، کە خێرایی گۆڕانکاری لەنێو وشە و مۆرفێمەکان، کە یەکەی ئاستی سیمانتیکن زۆر خێراترە، لە یەکەی ئاستەکانی تری زمان.)) (مامە، ٢٠٠٧، ٤). ئەم گۆڕانەش پەیوەستە بە گەلێک شێواز و هۆکاری جیاوازەوە، هەرچەندە ناتوانرێت بە ڕەهایی و بەوردی تەواوی هۆکارەکان دیاریبکرێت، چونکە زمانەوانان لە پۆلێنکردنی هۆکارەکاندا ڕێگەی جیاوازیان گرتۆتەبەر، بۆیە لێرەدا بەپێی پێویستی و سنوردارێتیی توێژینەوەکە هەندێک هۆکار دەخەینەڕو.

١- ٢- ١: هۆکاری مێژوویی

زۆر وشە و دەربڕاوی زمان هەن، پێشتر واتایەکیان هەبوە، ئێستا واتایەکی دیکە دەدەن، کە زۆر جیاوازە لە واتا کۆنەکەیان، ئەمەش لە ئەنجامی گەشەسەندنی زمان و تێپەڕبونی کاتەوەیە، بۆیە یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕانی واتای وشە، لە ئەنجامی ((گۆڕینی واتای دەربڕینە زمانییەکانە لە گەشەکردنە مێژوییەکەی زماندا، کە هەم گۆڕانکارییەکانی پەیوەندیی نێوان هێما زمانییەکان و دنیای ڕاستەقینەی دەرەوەی زمان و هەم گۆڕینەکانی نێوان هێما زمانییە جیاوازەکانیش دەگرێتەوە.)) (مەحوی، ٢٠٠٩، ٨٢- ٨٣)، چونکە زمان لەگەڵ پێویستییەکانی کۆمەڵگەدا، هەروەها گۆڕانە مێژوییەکاندا بەردەوام لە فراوانبون و گۆڕاندایە، هەربۆیە واتای وشەکان لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکەی زمان دەگوازرێنەوە، لەوانەیە واتا نوێیەکە شانبەشانی واتا کۆنەکە بچێتەنێو بوارێکی فراوانترەوە، یان بەتەواوی گۆڕانی بەسەردابێت و بوار و کەلێنێکی دیکەی فەرهەنگی پڕبکاتەوە (اولمان، ١٩٩٧، ١٥٦). بۆ ڕونکردنەوە بڕوانە نمونەی ژمارە (١):

١- مارشاڵ: وشەکە لە زمانی ئینگلیزیدا پێشتر بە واتای "خزمەتکار" هاتوە، بەڵام ئێستا پلەیەکی "سەربازی"ی بەناوبانگە (انیس، ١٩٧٦، ١٥٨).

بۆیە لێرەدا دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین، کە واتای وشە بە تێپەڕبونی کات گۆڕانی بەسەردا دێت، هەندێک وشە واتای نوێ وەردەگرن و لە ژینگە و بواری دیکەدا بەکاردێن. بۆ نمونە:

٢- ئ- سەکۆ: واتای کۆن (بواری خانوبەرە، بەرزاییەکە لە قوڕ و بەرد دروستدەکرێت.)

ب- سەکۆ: واتای نوێ (شوێنی گفتوگۆ و وتاردان، ...هتد)

هەڵبەتە ئەوەش لە ئەنجامی گۆڕان و گەشەی زمانی و تێپەڕبونی کاتەوە هاتوەتەئاراوە، هەرچەندە دەبێت ئەوە لەبیرنەکەین، کە واتا نوێیەکەشی هەر لە واتا کۆنەکەی وەرگیراوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی لە سیمای واتایی [+بەرزی]دا، وەک یەکترن.

١- ٢- ٢: هۆکاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

زۆرجار گۆڕان و گەشەکردنی وشەکان پەیوەندییان، بە پێشکەوتنی هزری، گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانەوە هەیە، چونکە وشەکان لەسەر بنەمای پێویستیی کۆمەڵگە بەرهەمدێن. ((پێویستی سەردەمی نوێ بە نوێکاری، دەبێتەهۆی لەدایکبونی چەندین واتای نوێ.)) (ئەورەحمان، ٢٠١٥، ٧٠). هەر گۆڕانێک بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بێت، لەگەڵ خۆیاندا چەندەها بیر و چەمکی نوێ دێننەکایەوە. (سدیق، ٢٠١٧، ٥٠). سەرنجی نمونەکانی خوارەوە بدە:

٣- ئ- کۆمار: واتای کۆن (چەند ڕەشمالێک لە شوێنێک پێکەوە هەڵدرابن، خێڵ)

ب: کۆمار: واتای نوێ (حکومەت)

ئەگەر سەرنج لە وشەی "کۆمار" بدەین، دەبینین لە کۆندا واتای گەلە ڕەشمالێکی گەیاندوە، بەڵام لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئێستا لە بەرانبەر وشەی "حکومەت" بەکاردێت، بۆ نمونە: کۆماری کوردستان، کۆماری عێراق ...هتد.

هەندێکجار لە ئەنجامی گۆڕان و گەشەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری واتای وشەیەکی بەرجەستە/ کۆنکریتی دەگۆڕێت بۆ چەمکێکی ئەبستراکت، یان بەپێچەوانەوە (انیس، ١٩٧٦، ٥-٦). بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا نمونەی ژمارە (٤) پێشتر وشەیەکی بەرجەستە بوە، ئێستا سەرەڕای گۆڕانی واتایەکەی، بوارەکەشی گۆڕاوەو وەکو چەمکێکی ئەبستراکت میتافۆریانە بەکاردەهێنرێت.

٤- ئ- هەگبە: واتای کۆن (خۆرجێنی دوتای چکۆلە، کە لە پشت سوارەوە لە زین قایمکراوە، جانتا) (هەژار، ١٣٨٨، ٩٣٨).

ب- هەگبە: واتای نوێ (ئاوەز و بیر، زانیاری، هەگبەی پڕە ...هتد)

ئەمەش هەر لەسەر بنەمای لێکچونی سیمای واتایی، کە بەنرخی، تێکردنی شتی بەهادار، واتای وەرگرتوە.

تەنانەت هەندێکجار، ئەم گۆڕانە پەیوەستە بە باری دەرونی قسەکەر، چونکە ((هەندێک وشە لە بەکارهێنان قەدەغە دەکات، لەبەر ڕەنگدانەوەی ئەو واتا خراپەی هەیەتی، کە لە زمانەوانیدا پێیاندەوترێت، تابۆ.)) (دزەیی، ٢٠١٤، ٢٠٠). بۆ ڕونکردنەوە بڕوانە نمونەی ژمارە (٥) کە هەریەکە لە نمونەکانی (٥ ب) لەبری نمونەی (٥- ئ) بەکاردەهێنرێن، چونکە (٥- ئ) هەڵگری واتایەکی تابۆییە.

٥- ئ- ئاودەست

ب- ئەدەبخانە، دەستشۆر، سەرئاو...هتد.

١- ٢- ٣: هۆکاری پێویستی زمان بۆ ناونان

پێشکەوتن و هاتنەئارای بیر، داهێنان، کەرەستە و ئامێری تازە، ((واپێویستدەکات، کە ناویان لێبنرێت، زمانیش بەتەنیا بەو گەنجینە وشەیەی هەیەتی لە توانایدا نییە و فریای ئەوە ناکەوێت، کە بەو کەرەستە سنوردارەی لەباریدایە ناو لە گشتیان بنێت، بۆیە بە پرۆسەی نیۆلۆگیزم بە پێکهاتە زمانییە واتادارە پێشتر سازبوەکانی خۆیدا دەچێتەوە و بەرەو بەلێکسیمبون ئاراستەیان دەکات.)) (سدیق، ٢٠١٧، ٢٧١)، لە ئەنجامی ئەوەشدا گۆڕان لە واتای ئەو یەکە زمانییانە و بوارو بەکارهێنانیاندا ڕوەدات. بروانە نمونەکانی ژمارە (٦، ٧)و بەکارهێنانەکانیان:

٦- ئ- موچە: واتای کۆن (پارچە زەوی)

ب- موچە: واتای نوێ (معاش)

جاران لە فەرهەنگی گوندنشیناندا بەو پارچە زەوییە بچوکەی کە وەک بژێوی ڕۆژانە، هەندێک سەوزەی وەک "تەماتە، خەیار ...هتد" تێدا بەرهەمدەهێنرا، پێیان دەگوت "موچە و دەرماڵ"، کەچی لە فەرهەنگی تازەی زمانی کوردیدا هەمان وشە وەکو فۆرم و چەمک بوار و واتایەکەی گۆڕاوە، لە بەرانبەر "معاش"ی عەرەبی بەکاردەهێنرێت.

٧- ئ- کاروان: واتای کۆن (کۆمەڵێک وڵاخەبەرزە)

ب- کاروان: واتای نوێ (کۆمەڵێک ئۆتۆمبێل)

گوندنشینەکان جاران، بە ئەسپ، هێستر، بارگین و ...هتد، میوە و دانەوێڵەیان بۆ شارەکان دەبرد، بە مەبەستی فرۆشتن و گۆڕینەوەیان بە پێویستییەکانی خۆیان، بەو ڕیزە ڕۆیشتنە دەگوترا "کاروان"، کەچی ئێستا بە ژمارەیەک ئۆتۆمبێل، کە بەدوای یەکدا بەڕیز دەڕۆن دەگوترێت "کاروانی ئۆتۆمبێل" چونکە سود لە هەمان دیاردە وەرگیراوە. ئەمە وەنەبێت تەنیا لە زمانی کوردیدا وابێت، بەڵکو لە زمانەکانی دیکەی وەک، عەرەبی و ئینگلیزیش، ئەم دیاردەیە بەدیدەکرێت، بڕوانە نمونەکانی ژمارە (٨، ٩):

٨- ئ- السیارة: واتای کۆن (کاروانێک وڵاخ، کە بەیەکەوە ڕێگەیان بڕیوە.)

ب- السیارة: واتای نوێ (ئۆتۆمبێل) (ئەورەحمان، ٢٠١٥، ٧٢)

9- a- car: واتای کۆن (گالیسکە)

B- car: واتای نوێ (ئۆتۆمبێل)

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

تەنانەت هەندێکجار وشەیەک، کە دێتە نێو زمانێکی دیکەوە، بۆ هەمان واتا و مەبەست بەکارناهێنرێت و بوار و واتایەکەی دەگۆڕێت، بڕوانە نمونەی ژمارە (١٠):

١٠- ئ- یاپراغ (گەڵا)

ب- یاپراغ (خواردن)

ئەگەر سەرنج لە وشەی "یاپراغ" بدەین، دەبینین وشەکە لە زمانی تورکییەوە هاتوەتە نێو زمانی کوردییەوە، چونکە لە زمانی تورکیدا بە واتای "گەڵا" دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا، وەک ناوی خواردن بەکاردەهێنرێت و واتای گۆڕاوە.

لە سەرچاوەکاندا سەرەڕای ئەم هۆکارانە چەندین هۆکاری دیکەی جیاواز ئاماژەیان بۆکراوە، لەوانەش هۆکاری دەنگسازی، فەرهەنگی، ڕێزمانی، جوگرافی و ...هتد.[1]

١- ٣: ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتا

یەکە و دەربڕاوەکانی زمان بەردەوام لە پەیوەندیدان، لەبەرئەوەی ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتا سازانێکی تەواویان لەسەر نییە؛ بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بەگوێرەی سنوداربێتی، ئامانج و ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، بەو جۆرەی خوارەوە ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتا پۆلێندەکەین:

١- ٣- ١: ئاڕاستەی گۆڕانی واتا لە تەسکەوە بۆ فراوان

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا وشە و دەربڕاوە زمانییەکان، بە ئاڕاستەی جیاواز واتایان دەگۆڕێت، فراوانبونی واتاش یەکێکە لەو ئاڕاستە جیاوازانە، کە لە یەکە زمانییەکاندا ڕوودەدات. "کریستاڵ" پێیوایە، کە فراوانبون (Extension) پێشتر زاراوەیەکی فەلسەفی و لۆژیکی بوە، بەڵام ئێستا لە بواری زمانەوانی و لە چوارچێوەی واتاسازیدا بەکاردەهێنرێت، کە ئاماژەیە بۆ فراوانبونی واتای یەکەیەکی زمانی، ئەوەش پێچەوانەی تەسکبونەوە (Narrowing)ی واتایە. بۆ نمونە وشەی (virtue) لە زمانی لاتینیدا پێشتر وەک سیفەت، تەنیا بۆ ڕەگەزی نێر بەکارهاتوە، بەڵام ئێستا لە زمانی ئینگلیزیدا، بۆ هەردوک ڕەگەز بەکاردێت.

11- virtue (چاکە، پیاوەتی، ڕاستگۆیی) (Crystal, 2008, 181).

هەروەها فراوانبون، پڕۆسەی گۆڕانە لە واتایەکی تایبەتەوە، بۆ گشت، وەک ئەوەی کە منداڵ لە سەرەتای فێربونی زماندا، کاتێک دەیەوێت ناو لە شتێک بنێت فراوانی دەکات، بۆ ئەو ناوانەی کە لە یەکدی دەچن، هەروەک وشەی "بابە" بۆ هەمو ئەوانەی کە لەڕوی دەموچاوەوە لە باوکی دەچن، هەمان ناویان لێدەنێت (انیس، ١٩٧٦، ١٥٥).

کەواتە فراوانبونی واتا، واتە وشەکە لەسەرەتادا بۆ یەک واتا و مەبەست بەکارهاتوە، بەڵام بە تێپەڕبونی کات واتایەک، یان چەند واتایەکی دیکەی وەرگرتوە، بۆ نمونە وشەی "پسپۆڕ" لە نمونەی ژمارە (١٢)دا، پێشتر واتایەکی تەسک و تایبەتی هەبوە، بەڵام ئێستا واتایەکەی فراوانبوە، واتایەکی گشتی هەیە و لە زۆر بوارا بەکاردێت.

١٢- ئ- پسپۆڕ: واتای تەسک (ئاژەڵناس، زانا لە پەزناسیدا)

ب- پسپۆڕ: واتای فراوان (پسپۆڕ لە بابەتە زانستییەکاندا، زمان، هونەرو ...هتد)

ئەمە وەنەبیت هەر تەنیا تایبەت بێت بە زمانێکی دیاریکراو، بەڵکو لە زۆربەی زمانەکاندا ئاڕاستەی فراوانبونی واتا بەدیدەکریت، بۆ ڕونکردنەوە سەرنجی نمونەکانی (١٣، ١٤)ی زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی بدە:

13- a- arrive: (واتای تەسک (گەیشتن بە کەناری ڕوبار

b- arrive: (واتای فراوان (هەمو جۆرە گەیشتنێک

نمونەی ژمارە (١٣) لە زمانی ئینگلیزیدا لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی "دەریایی" بوە، تەنیا بۆ گەیشتن بە کەناری ڕوبار بەکارهاتوە، بەڵام لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانی ئێستا بۆ هەمو جۆرە گەیشتنێک بەکاردێت، ئینجا بە پێ بێت، یان بە هەر ئامرازێکی دیکە (اولمان، ١٩٩٧، ١٦٤).

هەروەها لە زمانی عەرەبیشدا وشەی "البأس" بە هەمان شێوە بە ئاڕاستەی فراوانبونی واتادا ڕۆیشتوە، بۆ نمونە:

١٤- ئ- البأس: واتای تەسک (ناخۆشی تایبەت بە شەڕ و جەنگ)

ب- البأس: واتای فراوان (هەمو جۆرە ناخۆشییەک) (انیس، ١٩٧٦، ١٥٥).

واتە لە زمانی عەرەبیدا وشەکە لە بنەڕەتدا تەنیا لە بواری "شەر، جەنگ"دا، بەکارهاتوە، بەڵام ئێستا هەمو جۆرە ناخۆشییەک دەگەیەنێت. ئەوەش لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنان و پێویستی زمان، بە ڕێگەی خواستن و گواستنەوەی واتای ئەو یەکە زمانیانە بە ئاراستەی فراوانبون خۆیان دەبینەوە.

١- ٣- ٢: ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتا لە فراوانەوە بۆ تەسک

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

تەسکبونەوە (Narrowing) ئاڕاستەی گۆڕانی واتایە لە فراوانەوە بۆ تەسک. تەسکبونەوە لە زمانەوانیدا زاراوەیەکە بۆ یەکێک لە جۆرەکانی گۆڕانی واتا بەکاردەهێنرێت، ئاماژەیە بۆ سنوردارکردنی واتا، پێچەوانەی فراوانبونی واتایە (Crystal, 2008, 230).

واتە وشەیەک، یان دەربڕاوێکی زمانی، پێشتر ((چەند واتایەکی گەیاندوە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک هەندێ لە واتاکانی لەدەستداوە و ئێستا تەنیا هەڵگری یەک واتایە.)) (مامە، ٢٠٠٧، ١)، دیارە ئەوەش یەکێکە لە رێگە بەبەرهەمەکانی زمان، لەبەرئەوەی ((هەمو گۆڕانێک ئەبێتەهۆی دەوڵەمەندبونی فەرهەنگی زمان، چونکە تەسکبونەوە دەورێکی سەرەکیی گەورە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ لەڕوی زاراوە زانستییەکاندا دەبینێت.)) (محمد، ١٩٩٠، ٧٨)، چونکە وشەیەک پسپۆڕی لە بوارێکدا پەیدادەکات و لە سنوری ئەو زانستەدا جێگیردەبێت.

هەر سەبارەت بە تەسکبونەوەی واتا، "فەتاح مامە" دەڵێت: ((تا فراوانبونی واتا بەرپانەبوبێت ئەوا دیاردەی تەسکبونەوەکە هەرگیز پەیدانەبوە.)) (مامە، ٢٠٠٧، ١). واتە فراوانبون پێش تەسکبونەوە سەرهەڵدەدات، چونکە وشەیەک ((واز لە واتا گشتییەکەی خۆی دێنێ و پسپۆڕی لە واتایەکی تەسکتردا پەیدادەکات، لەوانەشە هەردو واتاکەی بپارێزێ لە هەمان کاتدا، بەواتایەکی تر هەندێجار واتایەکی گشتی هەبێت و هەندێجاریش واتایەکی تەسکتر.)) (فتاح، ٢٠١١، ١٢٨)، هەروەها دەبێت ئەوەش لەبیرنەکەین لەوانەیە هەندێکجار تەسکبونەوەی واتای وشەکە بەرەو ئەرێنی بچێت، ئەوەش بە بەرزبونەوەی واتایی ناودەبرێت.

کەواتە وشەیەک، یان دەربڕاوێکی زمانی پێشتر واتایەکی فراوان، یان گشتی هەبوبێت، بە ئاڕاستەی تایبەت چوبێت و یەکێک لە واتاکانی مابێتەوە، ئەوا ئەو یەکەیە دەچێتە چوارچێوەو سنوری تەسکبونەوەی واتاییەوە.

بۆ ڕونکردنەوە بڕوانە نمونەکانی خوارەوە:

١٥- ئ- هۆبە: واتای فراوان (چەند ڕەشمالێک، کۆمار) (خاڵ، ٢٠٠٥، ٥٠٣).

ب- هۆبە: واتای تەسک (ژورێک لە دامودەزگای میریدا)

ئەگەر سەرنجی وشەی "هۆبە" بدەین دەبینین بەرلەوەی وشەکە بە ئاڕاستەی تەسکبونەوەی واتاییدا بڕوات، واتایەکی فراوان و بەکارهێنانێکی زۆرتری هەبوە، بۆ هەمو ئەو گەلەڕەشمالەی کە لە کوێستانەکان هەڵدراون بەکارهاتوە، واتایەکی گشتی و بەربڵاوی هەبوە، بەڵام ئێستا زیاتر لە سنوری دامودەزگای میریدا بەکاردێت، بەوەی هەربەشێک لە دامودەزگاکانی میری لە چەند "هۆبە"یەک پێکدێت. بێگومان ئەم لێکدانەوەیە بۆ نمونەی (٣)ش، هەر دروستە.

ئەمە وەنەبێت هەر لە زمانی کوردیدا ئەم دیاردەیە بەرچاوبکەوێت، بەڵکو لە زمانەکانی دیکەی وەک، عەرەبی و ئینگلیزیشدا نمونەی لەو جۆرە زۆرن، بۆ ئەوەش بڕوانە نمونەکانی ژمارە (١٦، ١٧):

١٦- ئ- حەج: واتای فراوان (بەرلە ئیسلام سەردانی هەمو شوێنێکی پیرۆز)

ب- حەج: واتای تەسک (سەردانی ماڵی خودا "مەککە" لە ماوەیەکی دیاریکراودا) (اولمان، ١٩٩٧، ١٥٦).

17- a- poison (هەمو جۆرە خواردنەوەیەک) واتای فراوان

b- poison (ژەهر) واتای تەسک

لە زمانی ئینگلیزیدا پێشتر بە هەمو جۆرە خواردنەوەیەک گوتراوە"poison" ، بەڵام ئێستا تەنیا واتای "ژەهر" دەگەیەنێت (هەمان سەرچاوە، ١٦٢).

وەک لە نمونەکانی ژمارە (١٦، ١٧)دا، دەردەکەوێت، لە هەردوک زماندا وشەکان بە ئاڕاستەی تەسکبونەوەی واتادا ڕۆیشتون، چونکە بە بەراورد بە بەکارهێنانی ئێستایان، بەرلە تەسکبونەوە بەکارهێنانێکی فراوانتر و زیاتریان هەبوە.

١- ٣- ٣: ئاڕاستەی گۆڕانی واتا لە نزمەوە بۆ بەرز

بەرزبونەوەی واتا (Elevation semantic) ئاڕاستەی گۆڕانی واتای وشە و دەربڕاوەکانی زمانە، لە واتایەکی ئاسایی، یان نزمەوە بۆ واتایەکی بەرز. لە بەرزبونەوەی واتاییدا دەکرێت هەندێکجار وشەیەک، یان دەربڕاوێک ((لە بنەڕەتدا بارودۆخێکی خراپی گەیاندبێت وازی لەو واتایەی هێناوە و واتایەکی باشتری وەرگرتوە.)) (فتاح، ٢٠١١، ١٢٩). بڕوانە نمونەی ژمارە (١٨):

18- a- knight (خزمەتکاری نێر) واتای نزم

b- knight (سوارچاک، شۆڕشگێڕ) واتای بەرز

نمونەی ژمارە (١٨)ی زمانی ئینگلیزی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە واتای "خزمەتکار" بۆ ڕەگەزی نێر بەکارهاتوە، بەڵام لە ئێستای زمانەکەدا، واتایەکەی بەرزبوەتەوە و واتای "سوارچاک، شۆڕشگێڕ" دەگەیەنێت (انیس، ١٩٧٦، ١٥٨).

یان هەندێکجار وشەکە تایبەتبوە بە بوارێکی دیکەو لەوێدا واتایەکی ئاسایی هەبوە، بەڵام دواتر بوار و ئاڕاستەکەی گۆڕاوە و واتایەکەی بەرزبوەتەوە، بڕوانە نمونەی ژمارە (١٩) لە زمانی کوردیدا:

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

١٩- ئ- پێشەنگ: واتای ئاسایی (سەرجەلەی کاروان، ئەو ئاژەڵەی پێش کاروان دەکەوێت.) (هەژار، ١٣٨٨، ١٣٤).

ب- پێشەنگ: واتای بەرز (کەسێکە پێشڕەو و سەردەستەی کۆمەڵە خەڵکێک دەکات.)

بەسەرنجدان لە نمونەکە دەردەکەوێت، بوار و واتای گۆڕاوە، پێشتر وشەکە لە بواری ئاژەڵاندا بوە، بەڵام ئێستا واتایەکی بەرزی هەیە، چونکە وەک سیفەتێک بۆ مرۆڤی سەردەستە و پێشڕەوی کۆمەڵ بەکاردێت، ئەوەش دەگونجێت پەیوەندیی بە هۆکاریی مێژوویی، کۆمەڵایەتیی و پێویستیی زمانەوە هەبێت، بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکاردێت، یان گەلێکجار هۆکاری ئایینی لە پشتەوەیە، بۆئەوەی وشەیەک واتایەکی بەرزتری هەبێت، بە بەراورد بە واتا کۆنەکەی، بۆ ئەوەش بڕوانە نمونەی ژمارە (٢٠)ی زمانی عەرەبی:

٢٠- ئ- ملاک و رسول: واتای ئاسایی (هەرکەسێک بنێردرایە بۆ ئەنجامدانی کارێک)

ب- ملاک و رسول: واتای بەرز (فریشتە، پێغەمبەر) (انیس، ١٩٧٦، ١٥٨).

وشەکانی "ملاک و رسول" بەر لە ئیسلام واتایەکی ئاساییان هەبوە، بەو کەسانە گوتراوە، کە بە ئەرکێک بۆ شوێنێک نێردراون، بەڵام دواتر بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە واتایان گۆڕاوە بۆ "فریشتە، پێغەمبەر" کە لە فەرهەنگی ئیسلامیدا دو واتای بەرزو پیرۆزن.

١- ٣- ٤: ئاڕاستەی گۆڕانی واتا لە بەرزەوە بۆ نزم

نزمبونەوەی واتا (Pejoration semantic) ((پێچەوانەی بەرزبونەوەی واتایە، کاتێ ڕوودەدات، کە وشەیەک واز لە واتایەکی بەرز و باش، یان بێلایەن بێنێ؛)) (دزەیی، ٢٠١٤، ٢١٠)، بگۆڕێت بۆ واتایەکی نزم، یان (وشەکە لە ئێستادا هەڵگری چەمکێکی نێگەتیڤی بێت، ئەو واتایەی دەیگەنێت جۆرێک لە خراپی و نامۆیی پێشانبدات.) (محمدامین، ٢٠٢٣، ٨٤١). وادیارە ژمارەیەکی زۆری وشە و دەربڕاوی زمانی ((لە هەمو زمانەکاندا دوچاری نزمبونەوەی واتایی دەبنەوە، ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و سۆزداریەوە ڕوودەدات.)) (عەبدوڵلا، ٢٠١٤، ١١٥). بۆ ڕونکردنەوە سەرنجی نمونەکانی خوارەوە بدە:

٢١- ئ- سۆزانی: واتای بێلایەن (تیرەیەکی دۆمەکانی کوردستان لە کرماشان)

ب- سۆزانی: واتای نزم (ئافرەتی داوێنپیس، لەشفرۆش)

٢٢- ئ- چەتە: واتای بەرز (پارتیزان، جەندرمەی دزگرتن، شۆڕشگێڕ)

ب- چەتە: واتای نزم (جەردە، ڕێگر، پیاوخراپ ...هتد)

بە سەرنجدان لە وشەی "سۆزانی" نمونەی (٢١- ئ)،دەردەکەوێت، کە (وشەکە لە بنەڕەتدا واتایەکی ئاسایی هەبوە، چونکە ئەمانە تیرەیەکی کوردستان بون لە ناوچەی سەرپێڵی زەهاو، کرماشان و سنە، بەڵام لەبەرئەوەی پیشەی ژنەکانیان سەماکردن بوە بۆ دڵخۆشکردنی خەڵکی لە بەرانبەر پێدانی پارە، بۆیە وردە وردە ناوی ئەو تیرەیە واتایەکی خراپی پەیداکردوە و ئێستا وشەی "سۆزانی" بۆ ئافرەتی لەشفرۆش و خراپ، بەکاردێت.) (هەرشەمی٢، ٢٠٢٢، ٦٨٢).

بە هەمان شێوە وشەی "چەتە" و دیاردەی "چەتایەتی"ش، (تا سەرەتای سەدەی بیستیش، بە خراپ لێکنەدەدرایەوە، واتایەکی بەرز، یان لانی کەم ئاسایی هەبوە، چونکە وەکو شێوازێکی بەرەنگاریی دژی دەسەڵاتی بێگانە دادەنرا، کە هەمان واتای پێشمەرگە و پارتیزانی ئەمڕۆی دەگەیاند، تەنانەت لە سەردەمی "شێخ مەحمود"دا، وەکو ڕێزێک بە لایەنگران و شۆڕشگێڕانی شێخیان دەگوت "چەتە"و ئەوانیش شانازییان بەو ناوەوە دەکرد.) (هەرشەمی١، ٢٠٢٢، ١٠٠٧)، (هەژار، ١٣٨٨، ٢١٤)، کەچی لە ئێستادا وشەکە واتایەکی نزم و خراپی هەیە، هەڵگری واتاکانی دز، ڕێگر و پیاوخراپە.

١- ٤: ئیدیۆم و واتاسازی

ئیدیۆم "Idiom" وەک یەکەیەکی گرنگی واتا سەیردەکرێت، چونکە گرووپێک دەربڕاون واتایان جیاوازە لە واتای یەکە پێکهێنەکانیان، ناڕاستەوخۆ واتایەک دەگەیەنن، کە لە توخمە سەرەکییەکانیانەوە نەهاتوە.

ئینجا لەبەرئەوەی ((واتای لە واتای یەکە بە یەکەی پێکهێنەکانیانەوە دەستناکەوێت، لێڵی وەک یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی وایکردوە، پراگماتیکییانە لێی بکۆڵرێتەوە.)) (محمدامین، ٢٠٢٥، ١١٨). کەواتە تایبەتمەندیی سەرەکیی ئیدیۆم لێڵی واتاییەتی، بەهۆی فەرهەنگەوە نەبێت تێگەیشتن لێی ئاسان نییە .

بۆئەوەی لە گەشەی واتایی ئیدیۆم بگەین، پێویستە دو جۆر واتا لە یەکتری جیابکەینەوە، (یەکەم: واتای سەرەکی، یان ڕاستەوخۆ و گشتی، دووەم: واتای لاوەکی، یان خوازراو و تایبەتی. جۆری یەکەم واتای فەرهەنگییەتی، کە پەیدایدەکات، ئەوەیان لێکدانەوەی ئاسانە و پێویستی زۆر بە لێکدانەوە نییە و ئاسان دێتە بەردەست، بەڵام جۆری دووەم واتای لاوەکی، ئەو واتایەیە، کە وشە، یان کەرەستەیەکی تری زمانی لە ئەنجامی پەیوەندی و ئەو دەوروبەرەی کە یەکەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت، دەیگەیەنێت.) (فتاح، ١٩٨٦،

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

١٠٥). هەرچەندە ئیدیۆمەکان وەک یەکەی جێگیری زمان سەیردەکرێن، بەڵام لەدوای پرۆسەی بەئیدیۆمبون ڕەچاوی ئەوەیان لێدەکرێت واتایان بگۆڕێت و ئاڕاستەی جیاواز وەربگرن.

١- ٤- ١: ئیدیۆم و پرۆسەی بەلێکسیمبون (Lexicalization)

بەوپێیەی ئیدیۆمەکان لە چەشنی وشە، فرێز و تەنانەت ڕستەشدا دەردەکەون، بەڵام ((جگە لە ناداڕشتەیی واتایان، بە چەسپاوی و قاڵبداریی فۆرمەکەیان، لە یەکە زمانییەکانی تر جیادەکرێنەوە.)) (حسەین، ٢٠٠٩، ٨٥). پلەی چەقبەستویی و لێڵییەکەشیان بەتەواوی وەک یەکتر نین، هەتا پلەی بەقاڵبوویی و چەسپاوییان لەڕوی سینتاکسییەوە زیاتر بێت، ئەوا لەڕوی سیمانتیکیشەوە لێڵترن، بۆ ئەم مەبەستەش "Fraser" بەپێی چەند پێوەرێک بەسەر چەند ئاستێکدا دابەشیکردون، ئاستی تەواو جەسپاو و جێگیر، کە ڕێگە بە گۆڕان و گوێزانەوەکان نادەن، واتە وەک یەکەیەکی تەواو بەلێکسیمبوی نێو فەرهەنگ سەیردەکرێن، هەشیانە تاڕادەیەک بواری گوێزانەوە و تێئاخنینە سینتاکسییەکان دەدات (Baker, 1992, 63).

بڕوانە نمونەکانی ژمارە (٢٣، ٢٤):

٢٣- ئ- ئەم ماستە بێ مو نییە. (تەواو چەسپاو ڕێگە بە گۆڕانکاری نادات.)

ب- ئەم دۆیە بێ مو نییە *.

پ- ئەم ماستانە بێ مو نین*.

٢٤- ئ- کەشتییەکەی نقوم بوە. (تاڕادەیەک ڕێگە بە گۆڕانکاری دەدات.)

ب- یاپۆرەکەی نقوم بوە .

پ- کەشتییەکەیان نقوم بوە.

ئەمەش دەکرێت پەیوەندیی بەوەوە هەبێت، کە "دۆ و ماست" لە هزر و ئاوەزی کورددا دو شتی ئاشنا و جیاوازن، بۆیە جێگۆڕکێیان نامۆیی دروستدەکات، بەڵام بۆ "کەشتی و پاپۆڕ"، بەپێچەوانەوەیە.

ئەم یەکگرتویی و چەسپاوییەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دەربڕاوە چەسپاوەکان، لەنێویشیاندا ئیدیۆم، چونکە زمانی کوردی ((سەرباری لێکسیمە فەرهەنگییەکانی، بەلێکسیمبونی ئیدیەمیشی هەیە، بەوپێیەی ئیدیەمیش دەربڕاوێکی چەسپاوە کەرەستە ناوەکییەکانی زۆرکەم گۆڕانیان بەسەردادێت.)) (مەعروف، ٢٠٢٢، ٦-٧)، ئەوەش لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانەوە، قاڵب وەردەگرن و وەک یەکەی بەلێکسیمبوی نێو فەرهەنگ سەیردەکرێن، سەرەڕای ئەوەش ئێستا، ((تەنیا بە واتای میتافۆڕی لە چەشنی ئیدیۆم بەکاردهێنرین. واتە تەنیا بەکارهێنانە لێکسیکییە چەسپاوەکەیان ماوە، بۆ زانینی واتایان پێویستە بۆ گۆڕانە مێژوییەکەیان بگەڕێنەوە.)) (محمدامین، ٢٠٢٤، ٨٥٩). بۆیە ئیدیۆمەکان وەک دەربڕاوێکی چەسپاوی نێو فەرهەنگ هەژماردەکرێن، چونکە (لە سنوری سینتاکس و مۆرفۆلۆژی دەرچون و لە لێکسیکۆلۆژیدا لێیان دەکۆڵرێتەوە.) (مارف، ١٩٧٥، ٥٩)، لەبەرئەوەی ئەو فۆرمەی، کە (واتای فەرهەنگی هەبوە لە ئەنجامی فراوانبونی دەوروبەر، یان بەردەوامی بەکارهێنانی ڕۆژانەیان ئێستا بەشێوەیەکی سینکرۆنی بونی نەماوە، ئەمەش بۆتە هۆی پەیدابونی.) (حسەین، ٢٠٠٩، ٥٦)، ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی پرۆسەی بەلێکسیمبون، چونکە دەبنە هێمای نوێ و چەشنێکی لێکسیم پێکدەهێنن، کە هەمان واتای وشەی هەیە و یەک واتا دەنوێنن. (بڕوانە نمونەکانی بەشی دوەم)

١- ٤- ٢: چەشنەکانی ئیدیۆم لەڕوی واتاوە

وەک پێشتر ئاماژەی بۆکرا لێڵی واتایی سیفەتی سەرەکی ئیدیۆمەکانە، چونکە واتایان لە واتای یەکە یەکەی پێکهێنەکانیانەوە نەهاتوە؛ (ئەم لێڵواتاییەی وایکردوە، کە زمانەوانان ڕادە و پلەی جیاوازی بۆ دیاربکەن، ئەمەش بوەتە پێوەری پۆلێنکردنی ئیدیۆمەکان لەڕوی واتاوە.) (هەمان سەرچاوە، ٥٤). لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسەیە لەڕوی واتاوە، چەشنەکانی ئیدیۆم دەخەینەڕو:

یەکەم: تەواو ڕون: لەم چەشنەیاندا گۆڕانێکی زۆرکەم لە واتای بەشە پێکهێنەکانی ئیدیۆمەکەدا ڕوەدات، واتای فەرهەنگی و واتا میتافۆرییەکەی زۆر نزیکن، بۆ تێگەیشتن لە واتاکەی پێویستیمان بە فەرهەنگ و ئیتمۆلۆژی ئیدیۆمەکە نابێت. بۆ نمونە:

٢٥- ماستاوچی (خۆڕەپێشکەرە، مەرەمایی، سوک ...هتد)

دوەم: نیمچەڕون: لەم جۆرەیاندا پەیوەندییەکی نیمچەڕونی میتافۆڕی لەنێوان واتای فەرهەنگی و ئیدیۆمی دەربڕاوەکەدا هەیە، پێویستیمان بە زانینی قۆڵ و زانیاری زۆر نییە، چیرۆکێکی ئاڵۆز لە پشتی واتاکەوە نییە، چونکە بەپێی دەوروبەر ڕوندەبێتەوە بۆ چ مەبەستێکە. بۆ نمونە:

٢٦- مانگابەکەڵ واتای فەرهەنگی (مانگایەک ئارەزوی کەڵی هەبێت.)

واتای ئیدیۆمی (کچێک کوڕوکاڵ دەورەی بدەن.)

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

لێرەدا دەوروبەر ڕونیدەکاتەوە، کە چ واتایەکمان مەبەستە، فەرهەنگی، یان ئیدیۆمی.
سێیەم: تەواو لێل: ئەم چەشنەیان واتای تەواو لێڵە و بەتەواوی دورکەوتوەتەوە لە واتای پێکهێنەکانی، بۆ تێگەیشتن لێی پێویستیمان بە فەرهەنگ و لێکۆڵینەوەی ئیمۆلۆژی ئیدیۆمەکە دەبێت، ئەوەش بەهۆی (تەماوی و نادیاری و لێلیی واتاییەوە.) (س. م. عەلی، ٢٠٠٩، ٤٢). هەر ئەو لێڵواتاییەش وایکردوە، کە لەڕوی فۆرمیشەوە تەواو چەسپاو بن و ڕێ بەگۆڕانە زمانییەکان نەدەن. بۆ ڕونکردنەوە بڕوانە نمونەکەی خوارەوە:
٢٧- هەرچی سمێڵی سوربو، هەمزاغا نییە. (پیاوەتی، ئازایەتی و لێکچواندنی شت)
بۆ زانینی واتا و مەبەستی ئەم ئیدیۆمە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ چیرۆکی پشتی ئیدیۆمەکە، کە دەڵێن: ("هەمزاغای مەنگوڕ، سەرۆکی هۆزی مەنگوڕ پیاوێکی ئازا و بەجەرگ دەبێت، کاتی خۆی ڕوبەڕوی حاکمی سابڵاخ دەبێتەوەو هەڵدەکێشێتە خەنجەر و کابرای کاربەدەست، بریندارەدەکات و زنجیری دەکات ...هتد.) (افخمی، ١٣٦٨، ٣٢). لەدوای ئەوەوە چیرۆکی ڕوداوەکە دەبێتە ئیدیۆم و ڕۆژانە ئاخێوەران، بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانیان دەیخەنە نێو گفتوگۆکانیانەوە.[2]

بەشی دووەم: پراکتیکی ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتای ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا

٢- ١: دەستپێک

لەم بەشەی توێژینەوەکەدا، کە بەشی کارەکی و پراکتیکییە (٣٧) ئیدیۆمی زمانی کوردی وەرگیراوە، کە هەمویان لە زمانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی- زاری ناوەڕاست وەرگیراون.
ئینجا بەگوێرەی داتا و نمونەی توێژینەوەکە، لێکەوتەی واتایی و ئاڕاستەی گۆڕانی واتای ئیدیۆمەکان دیاریکراوە، لەپاشان ئامار و ڕێژەی سەدی ئیدیۆمەکان (مەبەست لە ئەو ئیدیۆمانەیە کە لەم توێژینەوەیە وەرگیراون) بەشێوەی خشتە و چارت خراوەتەڕو و شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن بۆ داتاکان کراوە.

٢- ٢: ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتای ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی

وەک چۆن لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێکرا، کە دیاردەی گۆڕان لە تەواوی یەکەکانی زماندا ڕوودەدات، بە هەمان شێوە ئیدیۆمەکانیش لەدوای پرۆسەی بەلێکسیمبون دوچاری گۆڕانی واتا دەبنەوە، کە ئەمە ئامانج و مەبەستی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەیە. ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتای ئیدیۆمەکانیش، بەپێی بارودۆخی زمان و بەکارهێنانیان لەلایەن ئاخێوەرانەوە، بە ئاڕاستەی جیاوازدا دەڕۆن، وەک (فراوانبون، تەسکبونەوە، بەرزبونەوەو نزمبونەوە)، بەڵام هەریەکەیان بە پلە و ڕێژەی جیاواز.

٢- ٢- ١: ئاڕاستەی گۆڕانی واتا لە تەسکەوە بۆ فراوان

ئەو ئیدیۆمانەی دەکەونە سنوری ئەم گۆڕانەوە، واتای فەرهەنگی و بنەڕەتیی یەکە و پێکهێنەکانیان واتایەکی تەسک و تایبەتیان هەبوە، یان سنوری بەکارهێنانیان زۆر کەم بوە، بەڵام لەدوای پرۆسەی بەلێکسیمبونیان وەک ئیدیۆم، واتایان گۆڕانی بەسەردا هاتوە بە ئاڕاستەی فراوانبون و سنوری بەکارهێنایان فراوانبوە، لە واتای تایبەتی و تەسکەوە بۆ واتای فراوان، بۆ ڕونکردنەوە بڕوانە نمونەکانی خوارەوە:

٢٨- کچی حەمە قەدۆی موسڵە. واتای تەسک (ناوێکی تایبەتی پیاوێکی دەوڵەمەند)
واتای فراوان (خۆشگوزەرانی، دەستبڵاوی، دەوڵەمەندی، گەورەیی و خانەدانی ...هتد)

"حەمە قەدۆ" ناوی پیاوێکی دەوڵەمەندیی شاری موسڵ بوە، لە سنور و سەردەمێکی دیاریکراودا، ئەمە واتا تایبەتی و فەرهەنگییەکەیەتی، بەڵام ئێستا سنوری بەکارهێنانی لە ئاستی تاکە کەسی دەرچوە و واتایەکی متافۆڕی و فراوانی هەیە و بوەتە ئیدیۆمێکی زمانی کوردی و هەڵگری سیما واتاییەکانی دەستبڵاوی، دەوڵەمەندی، گەورەیی ...هتدە، ئاخێوەران بەپێی دەوروبەری قسەکردن، بە تەوسەوە بەکاریدەهێنن.

٢٩- بوە بە خوێنی سیاوەش- سیاوەحشی. واتای تەسک (ناوی کەسێکی تایبەت)
واتای فراوان (ئاژاوەو ناکۆکییەک نەبڕێتەوە)

(سیاوەش- سیاوەحش، لە ئێرانی کۆندا شای کەیانییەکان بوە، بە دەستی "ئەفراسیاب"ی، شای تورکستان کوژراوە، ئەوەش بوەتە هۆی ڕشتنی خوێنێکی زۆر.) (ج. م. عەلی، ١٩٨٢، ٩١)، بەڵام ئێستا وەک ئیدیۆمێک، بۆ هەمو ئاژاوە و ناکۆکییەک، یان قسەیەک، کە نەبڕێتەوە بەکاردەهێنرێت.

٣٠- سەبری ئەیوب واتای تەسک (ناو و سیفەتی کەسێکی تایبەت)
واتای فراوان (ئارامی و لەسەرخۆیی)

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

حەزرەتی "ئەیوب" "د.خ" پێغەمبەری خودایە و ناوێکی تایبەتە، چیرۆکێکی هەیە، کە خودای گەورە بە تاقیکردنەوەیەک بەسەریکردوەتەوە، لەم تاقیکردنەوەیەدا ژیانی پربوە لە ناخۆشی و دەردەسەری، بەڵام ئەو هەر سەبرو ئارامی گرتوە، ئەمەش وەک ئیدیۆمێک هاتوەتە نێو زمانی کوردی، خەڵکی وەکو نمونە بۆ هەمو جۆرە ئارامی و سەبرێک بەکاریدەهێنن، بۆیە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی فراوانبونی واتاییەوە.

٣١- دەڵێ جەنگی مەغڵوبەیە. واتای تەسک (سەرلێشێواوی سوپایەکی بەزیو)
واتای فراوان (هەمو شوێنێک، کە کەس بەکەس نەبێت.)

واتای فەرهەنگی و تایبەتی بەو سەرلێشێواویەی سوپایەک دەگوترێت، کە هەرکەسێک دەیەوێت خۆی دەربازبکات و ڕابکات، بەڵام واتای ئیدیۆمی بۆ هەرشوێنێک، کە کەس بە کەس نەبێت و دەنگە دەنگ و ژاوە ژاوی زۆری تێدابێت بەکاردەهێنرێت. ئەوەش گۆڕانی واتای ئەو دەڕبراوە پێشاندەدات، لە سنورێکی تەسک و دیاریکراوەوە بە ئاڕاستەیەکی فراوانتر.

٣٢- ئەستێرەی سیوەیل واتای تەسک (ناوی یەکێک لە ئەستێرەکان)
واتای فراوان (کەسێک، کە زۆر دەرەنگ دەرکەوێت.)

"ئەستێرەی سیوەیل" ئەستێرەیەکی دەرەوشاوەیە لە کۆتایی هاویندا دەردەکەوێت، ئەمەش دیاردەیەکی گەردونیی تایبەتە، بەڵام واتا ئیدیۆمییەکەی بەو کەسانە دەگوترێت، کە گەلێک درەنگ دەردەکەون؛ بۆ نمونە: "ئەستێرەی سیوەیل بۆ دیارنی؟" بۆیە لە بەکارهێنانێکی فەرهەنگیی واتا تەسکەوە، بە ئاڕاستەی فروانبونی واتایی گۆڕاوە.

٣٣- سەنگی مەحەک واتای تەسک (بەردێکی ڕەشە، بەردی زێڕئەزمون)
واتای فراوان (ئەزمون و تاقیکردنەوەی مرۆڤ)

"سەنگی مەحەک" بەردێکی ڕەشی تایبەتە، زێڕنگرەکان بەکاریدەهێنن بۆ دڵنیابون لە ڕێژە و عەیاری زێڕ، بەڵام ئێستا هاتوەتە نێو زمانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانەوەو وەک ئیدیۆمێک بەکاریدەهێنن، بۆ نمونە دەگوترێت: "سەفەر و معامەلە سەنگی مەحەکن. یان کردار سەنگی مەحەکە".

٣٤- عومری نوحی هەیە. واتای تەسک (تەمەنی درێژی حەزرەتی نوح)
واتای فراوان (درێژەکێشانی بارودۆخی کەسێک، حەسودی، یان بێزاری لە کەسێک ...هتد)

"نوح" پێغەمبەر "د.خ" ٩٥٠ ساڵ ژیاوە، کە بەراورد بە تەمەنی ئێستا زۆر زۆرە، بەڵام ئێستا ئەوە وەک ئیدیۆمێک واتایەکی میتافۆڕی هەڵگرتوە، زۆرجار وەک دەربڕینی هەستێکی بێزاری بەرانبەر کەسێک دەگوترێت: "عومری نوحی هەیە. یان دنیا ئەوە ناهێنێت، خۆ عومری نوحت نابێت. ...هتد."

٣٥- ڕەنجی فەرهادی کێشاوە. واتای تەسک (ڕەنج و ماندوبونی فەرهاد)
واتای فراوان (ڕەنج و ماندوبونی بێبەرهەم)

واتای تایبەتی و تەسکی پەیوەندی بە چیرۆکی "شیرین و فەرهاد"ەوە، هەیە، کە "فەرهاد" بۆ گەیشتن بە "شیرین"، کێوی بێستونی هەڵکۆڵی، کەچی پێی نەگەیشت؛ بەڵام ئێستا وەکو ئیدیۆم چوارچێوەیەکی فراوانتری هەیە، بۆ هەمو هەوڵ و ماندوبونێک، کە بێبەرهەم و دەستکەوت بێت بەکاردەهێنرێت.

٣٦- گیسکی هەیاسی واتای تەسک (ئەو گیسکەیە، کە لە چیرۆکی هەیاسدا ناوی هاتوە.)
واتای فراوان (هەرشتێک لە خۆشی و ناخۆشیدا بەرزی و نزمی بکات.)

"گیسکی هەیاسی" ناوی ئەو ئاژەڵەیە، کە لە چیرۆکی "هەیاسی خاس"دا، هاتوە. بەپێی چیرۆکەکە "هەیاس بەیانیان گیسکەکەی لە جۆو قەرسیل تێردەکرد، کەچی ئێواران بێچوەگورگی پێشاندەدا، لەترسان ئەوەی خواردبوی گۆشتی پێنەدەگرت و دایدەنایەوە." ئینجا ئەمە وەک ئیدیۆمێک بۆ هەر بارودۆخێک بەکاردەهێنرێت، کە لەو چیرۆکە بچێت، بۆ نمونە کەسێک بەردەوام ژیانی لە هەوراز و نیشێودابێت، دەڵێن: دەڵێ گیسکی هەیاسە، ماوەیەک دڵی خۆشە، ماوەیەک ناخۆش.

٣٧- بزنی دێلیژەیە. واتای تەسک (ناوێکی تایبەتی گوندێک)
واتای فراوان (بۆلوان و خۆشگوزەرانی)

"دێلیژە" ئاواییەکە لە ناوچەی قەرەداغ، لەبەرئەوەی هەر لە زووەوە هەڵکەوتەی جوگرافیی سروشتی جوان و لەوەڕگەی چاکی هەبوە، مەڕ و ماڵاتی هەمیشە تیروپڕبون. ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی دەربڕاوێکی وەک "ئەوەی بۆ تۆ/ ئەو لواوە بۆ بزنی دیلێژەش نەلواوە." بێتە نێو زمانی ڕۆژانەی ئاخێوەران و واتای ئیدیۆمەکە لە واتا تەسک و فەرهەنگییەکەی دەربچێت بۆ واتای فراوانی، کە مەبەست لێی هەمو خۆشگوزەرانی و خۆشبەختییەکە.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

٣٨- بانگی محەمەد بە ئاشکرا خۆشە. واتای تەسک (ئایینی ئیسلام)
واتای فراوان (کاری چاک پێویست بە شاردنەوە ناکات.)

"بانگی محەمەد، یان بانگەواز بۆ ئایینی ئیسلام" وەک واتای فەرهەنگی، واتای لە سنوری زاراوە و چەمکە ئایینییەکەدا بەکاردەهێنرێت و تایبەتە بەو ئایینە، بەڵام ئاڕاستەی واتاکەی گۆڕاوە، وەک ئیدیۆمێک بۆ هەرشتێک، کە پێویست بە شاردنەوە و شەرم نەکات و پێویست بێت بە ئاشکرا ئەنجامبدرێت، ئەو دەربڕاوە بەکاردەهێنرێت.

٣٩- بو بە مارەکەی شێخ هۆمەر. واتای تەسک (ڕوداوێکی تاکەکەسی)
واتای فراوان (هەرکەسێکی بەد و خراپ)

(شێخ هۆمەر ناوێک، جارێکیان لەکاتی جوتکردندا مارێکی سڕ هەڵدەگرێتەوە و بەخێوێدەکات، کاتێک مارەکە گەرمدەبێتەوە لە ملی دەهاڵێت و پێیەوەدەدات.) (هەمان سەرچاوە، ٩٢).

ئەم چیرۆکە بۆتە ئیدیۆمێک و واتاکەی فراوانبوە، بە هەرکەسێکی بەدو خراپ دەگوترێت، کە خراپە لەگەڵ بەرانبەرەکەی بکات.

٤٠- پاییزەبرا واتای تەسک (ئەو هەژارانەی لە پاییزدا دێنەسەر خەرمان.)
واتای فراوان (کەسانی بەرژەوەندیخواز)

"پاییزەبرا" بەوکەسانە گوتراوە، کە لە پاییزاندا لەکاتی خەلە و خەرماندا داوای هاوکاریان کردوە، بەڵام واتاکەی بە ئاڕاستەی گۆڕان و فراوانبونی واتاییدا ڕۆیشتوە، وەک ئیدیۆمێک بە هەمو ئەو کەسانە دەگوترێت، کە تەنیا لەو کاتانەدا دەردەکەون، کە کارێکیان پێتە.

٤١- شامی شەریفە. واتای تەسک (ناوی شار- وڵات)
واتای فراوان (ئاسایش و سەقامگیری)

"شام" ناوێکی تایبەتی شارێک بوە لە سوریای ئێستادا، لە کۆندا بە "شامی شەریف" ناوبراوە، واتە "شامی پیرۆز"، ئێستا وەکو ئیدیۆمێک بەکاردەهێنرێت، بۆ وەسفی هەرشوێن و ناوچەیەکی دیاریکراو، کە دور بێت لە کێشە و ناڕەحەتی، یان بۆ شوێنێک کە وا پیشانبدرێت بێ کێشەیە، دەگوترێت: "دەڵێی شامی شەریفە." ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە لە واتایەکی تەسک و تایبەتەوە، واتاکەی فراوانبوە بۆ بەکارهێنانێکی گشتی.

٤٢- بەکر مەڕگەوەڕە. واتای تەسک (ناوێکی تایبەت لە چیرۆکی مەموزیندا)
واتای فراوان (هەرکەسێکی فیتنەبازو ئاژەوەگێڕ)

"بەکر مەڕگەوەڕ" ناوی کەسایەتییەکە لە چیرۆکی مەموزیندا، کە ڕۆڵێکی خراپ دەگێڕێت، خەریکی ئاژاوە و فیتنەیە، بەڵام ئێستا ئەمە وەک ئیدیۆمیک بە هەمو ئەو کەسانە دەگوترێت، کە خەریکی ئاژاوە نانەوەن و دوڕو و فیتنەبازن.

٤٣- دیزە- بە دەرخۆنەیان کرد. واتای تەسک (قابلەمە، مەنجەڵی چێشتلێنان)
واتای فراوان (شت شاردنەوەو بێدەنگە لێکردن.)

"دیزە" وەک قابلەمەی چێشتلێنانی ئێستا وابوە، لە قوڕ دروستکراوە، کاتێک چێشتیان تێدا لێناوە، سەرەکەی "دەرخۆنە"کەیان، تونڈ داناوە و دایانپۆشیوە و هەوابڕیان کردوە، بۆئەوەی بەباشی بکوڵێت. ئەم دیاردەیە وەکو ئیدیۆمێک هاتوەتە نێو فەرهەنگی ئیدیۆمی زمانی کوردی و بۆ هەمو ئەو ڕوداو و دیاردانەی کە بێدەنگەیان لێکراوە، یان شاردراونەوە بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە دەگوترێت: "ڕوداوەکەیان دیزە- بە دەرخۆنە کرد و شاردیانەوە."

بێگومان ئەم لێکدانەوانەی کە بۆ ئەو ئیدیۆمانەی ئەم تەوەرەیە کران، کە ئاڕاستەی گۆڕانی واتایان لە واتایەکی تەسکی فەرهەنگیی سنوردارەوە بۆ واتایەکی فراوانی میتافۆڕی گۆڕاوە، بۆ نمونەی (٢٧)ی بەشی یەکەمیش هەر دروستە، چونکە ئاڕاستەکەی لە واتایەکی تایبەتی و تەسکەوە، بۆ واتایەکی گشتی و فراوان گۆڕاوە.

٢- ٢- ٢ : ئاڕاستەی گۆڕانی واتا لە فراوانەوە بۆ تەسک

ئەو ئیدیۆمانەی دەکەونە چوارچێوەی ئاڕاستەی ئەم گۆڕانەوە، ئەوانەن کە واتای یەکە پێکهێنەکانیان پێشتر واتایەکی فراوانیایان هەبوە، بەڵام لەدوای پرۆسەی بەلێکسیمبون و بەئیدیۆمبون سنوری بەکارهێنانیان تەسکبوەتەوە لە واتایەکی فراوانەوە بۆ تەسک، بڕوانە نمونەکانی خوارەوە:

٤٤- جگانێ واتای فراوان (یاریەیەکی کوردەواریە)
واتای تەسک (ئیدیۆم)

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

"جگ" پارچە ئێسقانێکی شێوە لاکێشەیی مەڕ و بزنە، جاران لە لادێکاندا یارییان پێدەکرد، بەڵام ئێستا ئەو یارییە نەماوە، تەنیا واتا ئیدیۆمییەکەی ماوە، بۆ نمونە دەڵێن: ئەگەر جگت نییە، مەچۆ جگانێ، یان (هەر تۆمان هەیە، پێت بچینە جگانێ. لەبەرئەوە واتای یەکەمی توشی تەسکبونەوەی واتایی هاتوە، هەرچەندە خەریکە واتای دووەمیشی دوچاری تەسکبونەوە دەبێت.) (مامە، ٢٠٠٧، ٢١). تەنانەت ئێستا یارییەکەش نەماوە، تەنیا واتا ئیدۆمییەکەی ماوە.

٤٥- دەم چەورکردن واتای فراوان (خواردنی چەور، یان چەورکردنی دەم بە هەرشتێک)
واتای تەسک (دەمی چەورکرد، بەرتیل، ڕیشوە)

واتای یەکەمی فراوان و ئاساییە، هەر خواردنێک کە دەم چەور بکات، یان بە هەرشتێک دەمی کەسێک چەور بکەیت، بەڵام واتای دووەمی ، کە واتا ئیدیۆمییەکەیەتی بە واتای پارە، یان هەرشتێکی دیکە، بدەیت بە کەسێک بۆئەوەی کارێکت بە نایاسایی بۆ جێبەجێبکات؛ بۆ نمونە دەڵێن: "دەمی چەورکرد و کارەکەی بۆ جێبەجێکرد." ئینجا لەبەرئەوەی تەنیا واتا ئیدیۆمییەکەی چالاکە، تەنیا لە بەرانبەر چەمکی "بەرتیل، ڕیشوەدان" دەوەستێت، بۆیە دەچێتە خانەی تەسکبونەوەی واتاییەوە.

٤٦- دوکەڵ لە ماڵی هەڵناستێ. واتای فروان (نەکردنەوەی ئاگر بۆ چێشتلینان)
واتای تەسک (هەژار، لات)

(جاران دوکەڵ ئاماژەبوە بۆ چێشتلێنان، لە هەر ماڵێکەوە دوکەڵ هەڵسابێت، ئەوە نیشانەی ئەوە بوە، کە ئەو ماڵە شتیک بۆ خواردن ئامادەدەکەن.) (فتاح، ١٩٨٦، ١١٤)، بەڵام شێوازی خانو و ماڵی ئێستا گۆڕاون، دوکەڵکردن و ئاگر کردنەوەی جاران نەماوە، کەس نازانێت لە ژورەوە چی دەگوزەرێت، بۆیە ئەم واتایەی لەکارکەوتوە، تەنیا واتای دووەمی، کە واتا ئیدیۆمییەکەیەتی ماوەتەوە و بەکاردێت، ئەویش تەنیا لەبەرانبەر چەمکی "هەژاری و لاتی" دەوەستێت، کاتێک ئەم ئیدیۆمە دەگوترێت، واتە کەسێکی هەژار و لاتە.

٢- ٢- ٣: ئاڕاستەی گۆڕانی واتا لە نزمەوە بۆ بەرز

ئەو ئیدیۆمانەی دەکەونە نێو سنوری ئاڕاستەی ئەم گۆڕانەوە، هەمو ئەوانەن، کە یەکە پێکهێنەکانیان پێشتر واتایەکی نزم، یان ئاسایی و بێلایەنیان هەبوە، بەڵام لەدوای ئەوەی وەک ئیدیۆم لە زماندا چەسپاون، لێکەوتە واتاییەکەیان بە ئاڕاستەی بەرزبونەوەدا ڕۆیشتوە و هەڵگری چەمک و واتای پۆزەتیڤین، بڕوانە نمونەکانی خوارەوە:

٤٧- دەڵێ ددانی مارە. واتای نزم (گیاندار، پێوەدان، ژەهر)
واتای بەرز (زیرەک و وریایە)

"مار، یان ددانی مار" واتای فەرهەنگی و بنەڕەتی سەر بە بواری واتایی ئاژەڵە، لە بوارەکەی خۆیدا واتایەکی نزمی هەیە، چونکە لەلای مرۆڤ گیاندارێکی ترسناک و قێزەونە واتایەکی خراپی هەیە، بەڵام لەم ئیدیۆمەدا مرۆڤی پێچوێنراوە، وەکو یەکێک لە سیفەتە پۆزەتیڤ و باشەکانی مرۆڤ ئاماژەی پێکراوە، کاتێک دەگوترێت: "دەڵێ ددانی مارە." واتە کەسێکی زیرەک، وریا و بەدەستوبردە. ئەمەش ئاماژەی گۆڕان و بەرزبونەوەی واتای ئەم دەربڕاوەیە.

٤٨- دەڵێ بزبزۆکە. واتای نزم- بێلایەن (زیندەوەر)
واتای بەرز (وریاو گورجوگۆڵ)

"بزبزۆک" زیندەورێکە لە قالۆچە بچوکترە و زۆر دەجوڵێت. ئەم زیندەوەرە لە بواری واتایی زیندەوەراندایە، بەراورد بە مرۆڤ واتایەکی نزمی هەیە، بەڵام کاتێک وەک ئیدیۆم بەکاردێت، سیفەتێکی بەرزی مرۆڤ پێشاندەدات، کە وریایی و گورجوگۆڵییە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزبونەوەی واتای ئەم دەربڕاوە.

٤٩- دەڵێ شەیتان دەرسی داداوە. واتای نزم (نەفرەتی، خراپ ...هتد)
واتای بەرز (زۆرزان و وریا)

واتای فەرهەنگی "شەیتان" نزم و خراپە، بەڵام کاتێک ئەم دەربڕاوە، بەتایبەتی بە منداڵێک دەگوترێت، واتە زیرەک، وریا و زیتەڵەیە، ئەمەش واتایەکی بەرز و پۆزەتیڤە.

٥٠- دەڵێ لە گەروی مار هاتۆتە دەرەوە. واتای ئاسایی- بێلایەن (گیاندار)
واتای بەرز (سەرڕاست و بوێر)

"مار" گیاندارێکە لە پۆلی خشۆکەکان و بواری واتایی خۆی هەیە، هەتا ئێرە واتایەکی ئاسایی و بێلایەنی هەیە، بەڵام لەلای مرۆڤ وێنایەکی ترسناک و بێزراوی هەیە، کەچی کاتێک ئەم دەربڕاوە بە کەسێک دەگوترێت، واتە کەسێکی سەرڕاست و پاکە؛ ئەمەش واتە، واتا ئیدیۆمییەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتوە، بە ئاڕاستەی بەرزبونەوەی واتایی، چونکە پەسنی باشیی مرۆڤ دەکات .

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

٥١- دەڵێ کەوە دەخوێنێ. واتای ئاسایی- بێلایەن (بواری باڵندە، دەنگخۆشی)
واتای بەرز (بواری مرۆڤ، دەنگخۆشی، لێهاتویی)

"کەو" بە دەنگە خۆشەکەی ناسراوە، لە بواری باڵندەدایە، بەڵام کاتێک وەک ئیدیۆم بەکاردەهێنرێت، سیمای واتایی [+دەنگخۆشی] دەبێتە بنەمای لێکچون، وەک لایەنی پۆزەتیڤی، پەسنی مرۆڤ دەکات، کاتێک دەگوترێت: "دەڵێ کەوە دەخوێنێ". واتە دەنگی خۆشە؛ یان "کەو ئەو کەوەیە، بەرانبەر کەوێ بخوێنێ." لێهاتو قسەزانە. ئەمەش بەرزبونەوەی واتای ئەم دەربڕاوە دەگەیەنێت.

٥٢- دەڵێ بولبولە. واتای ئاسایی- بێلایەن (باڵندە)
واتای بەرز (قسەزان و وریا)

"بولبول" سەر بە بواری واتایی باڵندەیە، واتا فەرهەنگییەکەی ئاسایی و بێلایەنە، بەڵام کاتێک وەک ئیدیۆم بەکاردەهێنرێت و پەسنی مرۆڤی پێدەکریت، واتایەکەی بەرزدەبێتەوە، چونکە ئاماژەیە بۆ قسەزانی و وریایی مرۆڤ.

٥٣- پیاوێکی بەدەستە. واتای ئاسایی (ئەندامی جەستەی مرۆڤ)
واتای بەرز (بەدەسەڵات، دەستڕۆیشتو)

هەریەکە لە پێکهێنەکانی دەربڕاوەکە، واتای فەرهەنگییان ئاسایی و بێلایەنن، بەڵام کاتێک وەکو ئیدیۆم واتای میتافۆڕی لێبارەدەکرێت، واتایەکەی بەرزدەبێتەوە، چونکە لایەنی پۆزەتیڤیی مرۆڤ پێشاندەدات.

٢- ٢- ٤: ئاڕاستەی گۆڕانی واتا لە بەرزەوە بۆ نزم

ئەو ئیدیۆمانەی واتایان نزمبوەتەوە، واتای فەرهەنگی یەکە پێکهێنەکانیان بەرز، یان ئاسایی و بێلایەنن، بەڵام لەدوای پڕۆسەی بەئیدیۆمبون واتایان نزمبوەتەوە و لە بەکارهێناندا هەڵگری واتایەکی نێگەتیڤی و نزمن. بۆ ئەوەش بڕوانە نمونەکانی خوارەوە:

٥٤- فاتیحای بۆ بخوێنە. واتای بەرز (لەدەستدان، نزاو چاکە)
وتای نزم (لەدەستچون، کۆتایی هاتن)

"فاتیحا خوێندن"، لە ئایینی ئیسلامدا واتایەکی بەرز و باشی هەیە، کاتێک کەسێک گیانلەدەستدەدات وەکو خێر و نزای چاک، فاتیحا بۆ ئەو کەسە دەخوێنرێت، واتە واتای یەکەمیشی هەر لەدوروبەری لەدەستدان و کۆتایی هاتنە، بەڵام کاتێک لە گفتوگۆدا بەتەوسەوە دەگوترێت، "فاتیحای بۆ بخوێنە." ئەوە واتە ئەو شتە، یان ئەو دەرفەتە لەدەستچوەو کۆتایی هاتوە، بۆیە لێرەدا فاتیحا خوێندن واتایەکەی بە ئاڕاستەی نزمبونەوەدا ڕۆیشتوە.

٥٥- دەڵێ حەمامی ژنانە. واتای ئاسایی (شوێنی خۆشوشتن)
واتای نزم (ژاوەژاو، کەس بەکەس)

جاران چۆن حەمامی پیاوان هەبو، حەمامی ژنانیش هەبو، حەمامەکان بە جۆرێک بون، خەڵکی بە کۆمەڵ خۆیان دەشوشت، تا ئێرە واتایەکی ئاسایی هەیە، بەڵام کاتێک وەک ئیدیۆم بەکاردەهینرێت، واتایەکەی نزمدەبێتەوە، چونکە گوتنی ئەم ئیدیۆمە ئاماژەیە بۆ ژاوەژاوی زۆر و بێسەروبەری، بۆیە دەچێتە خانەی نزمبونەوەی واتاییەوە.

٥٦- کابرایەکی جامبازە. واتای ئاسایی (چێوار)
واتای نزم (فێڵباز و قۆڵبڕ)

واتای فەرهەنگی "جامباز" هاواتای "چێوار"ە، بەو کەسانە دەگوترێت، کە پیشەیان مامەڵەی کڕین و فرۆشنی مااڵت و وڵاخەبەرزەیە، بەڵام بەکارهێنانە ئیدیۆمییەکەی هەڵگری واتایەکی نزم و خراپە، کە واتای فێڵباز، قۆڵبڕو ...، دەگەیەنێت، ئەوەش دەچێتە خانەی نزمبونەوەی واتایی ئەو دەربڕاوەوە.

٥٧- گەرەلاوژە واتای ئاسایی (گۆرانی گوتن بە نۆرە)
واتای نزم (ژاوەژاو، بێسەروبەری)

جاران خەڵکی گوند، لە ماڵێک کۆدەبونەوە، دەبو هەرکەسێک بە نۆرە/ گەڕ گۆرانییەک بڵێت، ئینجا دەنگی خۆشبایە، یان نا، ئەم دیاردەیە پێیدەگوترا گەرەلاوژە. "گەڕ" واتە: نۆرە، نۆبە، خول، "لاوژە" واتە: گۆرانی، مەقام، لاوک؛ بەیەکەوە واتە: گۆرانی گوتن، بە نۆرە؛ بەڵام ئێستا ئەوە وەک ئیدیۆمێک، کە دەگوترێت: "گەرەلاوژەیە." واتە ئەو شوێنە ژاوەژاوی زۆرە و کەس لە کەس تێناگات، بۆیە ئەوە دەچێتە چوارچێوەی نزمبونەوەی واتاییەوە.

٥٨- دەست و پێ سپی واتای فەرهەنگی- بەرز (سپیپێست)
واتای نزم (هیچ لەباردا نەبو، بێ بەهرە)

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

واتای فەرهەنگی ئەم دەربڕاوە، واتایەکی بەرز و پۆزەتیڤە، لە کۆمەڵگەی کوردیدا سپیپێستی واتایەکی بەرز و باشی هەیە، بەڵام بەکارهێنانە ئیدیۆمییەکەی، واتە کەسێکی بێ بەهرە، هیچ لەباردا نەبو، ئەمەش نیشانەی نزمبونەوەی واتای ئەو دەربڕاوە دەگەیەنێت.

٥٩- کونەبا واتای ئاسایی (کونێک بای لێوەبێت)
واتای نزم (درۆزن)

واتای فەرهەنگی "کونەبا" واتایەکی ئاسایی و بێلایەنە، واتە کونێک بای لێوەبێت، بەڵام بەکارهێنانە ئیدیۆمییەکەی واتایەکی نزمی هەیە، بە کەسێک دەگوترێت "کونەبا" کە سەرچاوەی درۆیە، واتە درۆزنە.

٦٠- ئاگرەکەی خۆشکرد. واتای ئاسایی- بەرز (خۆشکردن و گەشکردنەوەی ئاگر)
واتای نزم (ئاژاوەنانەوە)

واتای فەرهەنگی "ئاگر خۆشکردن" واتە گەشکردنەوە، پێوەنانی دار و سوتەمەنی بۆئەوەی گڕ و بڵێسەی ئاگرەکە جوان بێت، ئەمەش واتایەکی ئاسایی، تەنانەت باشیش دەگەیەنێت، بەڵام واتا ئیدیۆمییەکەی بە کەسێک دەگوترێت، کە خەریکی ئاژاوە نانەوە، شەڕو فیتنە بێت. بۆیە دەچێتە خانەی نزمبونەوەی واتاییەوە.

٦١- دەڵێی کەری نێو جۆگەیە. واتای ئاسایی (ئاژەڵێک لە کاتی لەوەڕاندا)
واتای نزم (بەرژەوەندیخواز)

واتای فەرهەنگی ئەم دەربڕاوە، "کەر/ گوێدرێژ"یکە بە ئارەزوی خۆی کوێی بوێ لەوێ دەلەوەڕێت، ئەمە واتایەکی ئاسایی و بێلایەنە، بەڵام واتا ئیدیۆمییەکەی بە کەسێکی بەرژەوەندیخواز/ مەسڵەحەتچی دەگوترێت، یان کەسێک کەڵک لە چەند لایەک وەربگرێت و گوێ بە هیچ نەدات، ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی نزمبونەوەی واتای دەربڕاوەکە.

بێگومان نمونەکانی (٢٥، ٢٦)ی بەشی یەکەمیش، هەر دەچنە خانەی گۆڕانی واتای ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی، بە ئاڕاستەی نزمبونەوەی واتاییدا و هەمان لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت.


٢- ٣: ئامار و ڕێژەی ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتای ئیدیۆمەکان لە زمانی کوردیدا

خشتە و چارتی ژمارە (١) ئامار و ڕێژەی ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتای ئەو ئیدیۆمانە پێشاندەدەن، کە لەم توێژینەوەیەدا وەک نمونە هێنراونەتەوە، کە ژمارەیان (٣٧) ئیدیۆمە.

ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتا	ژمارەی ئیدیۆم	ڕێژەی سەدی
فراوانبونی واتا	١٧	٪٤٦
تەسکبونەوەی واتا	٣	٪٨
بەرزبونەوەی واتا	٧	٪١٩
نزمبونەوەی واتا	١٠	٪٢٧
کۆی گشتی	**٣٧**	**٪١٠٠**

خشتەی ژمارە (١) ئامار و ڕێژەی ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتای ئیدیۆمەکان

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website



چارتی ژمارە (١) رێژەی سەدی ئاڕاستەکانی گۆڕانی واتای ئیدیۆمەکان

٢- ٤: شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی داتاکان

بە سەرنجدان لە خشتە و چارتی ژمارە (١) دەردەکەوێت، لە کۆی (٣٧) ئیدیۆمی زمانی کوردی، کە وەک داتای توێژینەوەکە وەرگیراون، (١٧) ئیدیۆم لێکەوتە واتاییەکەیان بە ئاڕاستەی فراوانبونی واتادا ڕۆیشتوە، ئەوەش بەرزترین ڕێژەی گۆڕانی واتای ئیدیۆمەکانە لەم توێژینەوەیەدا، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٤٦٪)؛ بەپێچەوانەی ئەوەوە نزمترین ڕێژەی گۆڕانی واتا، تەسکبونەوەی واتایە، کە کۆی ئەو ئیدیۆمانەی واتایان تەسکبوتەوە ژمارەیان تەنیا (٣) ئیدیۆمە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٨٪)، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە، هەتا فراوانبونی واتا ڕونەدات دیاردەی تەسکبونەوەی واتا ڕونادات، واتە بەبێ فراوانبونی واتا، تەسکبونەوە دروست نابێت. هەروەها بەپێی خشتەکە ژمارەی ئەو ئیدیۆمانەی واتایان بەرزبوەتەوە (٧) ئیدیۆمن، کە ڕێژەکەیان دەگاتە (١٩٪)، لەپاشان ئەو ئیدیۆمانەی کە ئاڕاستەی گۆڕانی واتایان نزمبوەتەوە، (١٠) ئیدیۆمن، کە ڕێژەکەیان دەگاتە (٢٧٪) ئەوەش لەم توێژینەوەیەدا بە پلەی دوەمی گۆڕانی واتا دادەنرێت.

ئەنجام:

1- وەک چۆن گۆڕان لە ئاست و یەکەکانی دیکەی زماندا ڕودەدات، بە هەمان شێوە، ئیدیۆمەکانیش بەر تیشکی گۆڕانی واتا دەکەون، چونکە پەیوەندیی بە دابونەریت و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەوە هەیە.

2- لە کۆی گشتی ئەو ئیدیۆمانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون، گۆڕانی واتایی بە ئاڕاستەی فروانبونی واتادا بەرزترین ڕێژەی وەرگرتوە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٤٦٪)، ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە دەکرێت ئیدیۆمێک لە واتای تایبەتی و تەسکەوە بۆ واتای فراوان، لە چەند بار و هەلومەرجێکی نزیک لە یەکدی چەندبارە بکرێتەوە.

3- بەپێچەوانەی خاڵی دوەمەوە، نزمترین ڕێژەی گۆڕانی واتا، تەسکبونەوەی واتایە، کە ڕێژەکەی دەگاتە (٨٪)، ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، هەتا فراوانبونی واتا ڕونەدات، دیاردەی تەسکبونەوە ڕونادات.

4- بەگوێرەی داتای توێژینەوەکە، ڕێژەی بەرزبونەوەی واتا دەگاتە (١٩٪)، کە بەراورد بە نزمبونەوە، ڕێژەکەی کەمترە.

5- بەپێی داتای توێژینەوەکە، ڕێژەی نزمبونەوەی واتا، دەگاتە (٢٧٪)، ئەوەش بە بەراورد بەوانی دیکە، بە پلەی دوەمی گۆڕانی واتا دادەنرێت.

لیستی سەرچاوەکان:

Baker, M. (1992). *In other words* (first published ed.). in USA and Canada: by Routledge

Crystal, D. (2008). Dictionary of Linguistics and phonetics .

افخمی، ا. (١٣٦٨). بنەڕەتی مەتەڵی کوردی (چاپ اول ed.). تبرێز: چاپخانەی نیکنام.

انیس، ا. (١٩٧٦). دلالة الألفاظ، الطبعة الثالثة. المصرية.: مكتبة الأنجلو.

اولمان، س. (١٩٩٧). دور الكلمة فى اللغة. مكتبة الشباب.
حسەین، ش. ع. (٢٠٠٩). ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی له زمانی کوردیدا. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.
خاڵ، ش. م. (٢٠٠٥). فەرهەنگی خاڵ (چاپی دوەم ed.): دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
دزەیی، ع. م. (٢٠١٤). واتاسازی وشە و ڕستە (چاپی سێیەم ed.). هەولێر.
سدیق، ف. ع. (٢٠١٧). زمانناسیی کوردی (چاپی یەکەم ed.). هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی نارین.
عبدالجلیل، م. (٢٠٠١). علم الدلالة. دمشق: من منشورات اتحاد الكتاب العرب.
عمر، ا. م. (١٩٨٢). علم الدلالة (الطبعه الاولى ed.). الكويت: مكتبة دار العروبة للنشر و التوزيع.
عەبدوڵڵا، ڕ. ن. (٢٠١٤). ڕۆڵی میتافۆر له دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا (چاپی یەکەم ed.). سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.
عەلی، ج. م. (١٩٨٢). ئیدیۆم له زمانی کوردیدا. بەغدا: دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
عەلی، س. م. (٢٠٠٩). ڕەنگدانەوەی چەند لایەنێکی واتاسازی (چاپی یەکەم ed.). هەولێر: چاپخانەی ئاراس.
فتاح، م. م. (١٩٨٦). دیسان ئیدیەم پێداچونەوەیەک لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانیدا. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی پازدەهەم.
فتاح، م. م. (٢٠١١). زمانەوانی (چاپی سێیەم ed.). هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
مارف، ئ. ح. (١٩٧٥). وشەی زمانی کوردی، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
مامە، ف. (٢٠٠٧). لەبارەی زمانەوە. هەولێر: کۆلێجی پەروەردەی بنیات، زانکۆی سەلاحەددین.
محمد، ع. ع. (١٩٩٠). گۆڕانی واتای وشەی له زمانی کوردیدا. کۆلێژی ئادااب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
محمدامین، م. ق. (٢٠٢٣). چەمکی نێگەتیڤیی مۆرفێمە بەندەکان لەڕوانگەی تیۆری بەکارهێنانەوە. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی دەیەم(ژمارە چوار).
محمدامین، م. ق. (٢٠٢٤). بەلێکسیمبونی فرێزی هەڵگەڕاوە له زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی یازدەهەم(ژمارە دو).
محمدامین، م. ق. (٢٠٢٥). ئاریشەکانی وەرگێڕانی دەربڕاوە چەسپاوەکان له زمانی کوردیدا. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بیست و نۆ(ژمارە شەش).
مەحوی، م. (٢٠٠٩). زانستی هێما، واتا و واتا لێکدانەوە (Vol. بەرگی دوەم). زانکۆی سلێمانی: چاپخانەی پەیوەند.
مەعروف، ع. م. (٢٠٢٢). ئەرشیفکردن له بەرهەمەکانی علادیین سەجادییدا. Paper presented at the گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، زانکۆی گەرمیان، کەلار.
هەرشەمی١، ش. (٢٠٢٢). فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی کوردیی (چاپی یەکەم ed. Vol. بەرگی یەکەم). چاپخانەی تاران.
هەرشەمی٢، ش. (٢٠٢٢). فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی کوردیی (چاپی یەکەم ed. Vol. بەرگی دوەم). تاران.
هەژار، ع. ش. (١٣٨٨). هەنبانە بۆرینە (چاپی شەشەم ed.). تهران: سروش.
ئەحمەد، ب. ح. (٢٠١٨). لێکدانەوەی سیمانتیکیی و پراگماتیکیی دەربڕاوە چەسپاوەکان له زمانی کوردیدا. زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت.
ئەورەحمان، ئ. م. (٢٠١٥). پەرچەواتا له بۆتەی کۆزمانەوانیدا. فەکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

پەراوێز:

[1] - بۆ زانیاری زیادتر بڕوانە: (عبدالجلیل، ٢٠٠١، ٧٠)، (فتاح، ٢٠١١، ١٠٧)، (عەلی، ٢٠٠٩، ٤١، ئەحمەد، ٢٠١٨، ١٠٧)

[2] - بۆ ئەم تەوەرەیە، سود لە (حسەین، ٢٠٠٩، ٥٣- ٥٥)